# بۆ گروپە کوردە ماندونەناسەکەی بەغا

گۆبەنگ و گووبەن

سەربەستی
Ser_besti@yahoo.com

چونی ئەم جارەی گروپی کورد بۆ بەغا، کە بێ گومان، لەو کەسانە پێکدێت کە خۆیان ملوانکەی دەسەلاتیان لە ملی خۆیان کردووە و، هەر خۆشیان بۆ خۆیان ئارەزووی دانوستاندن و ترێ بە گەنمیانە لە گەڵ ئەو پەری و چارە شیرینانەی کە سەرانی کورد، هەر خۆیان بەدەستەکانی خۆیان پێیان گەیاندن، هەر وەک لە کۆندا، چۆن مرۆڤ بەدەستی خۆی پەیکەری بۆ خۆی دروست دەکرد و سوجدەی بۆ دەبرد، پاشان دەکەوتە گفتوگۆ و، پارانەوە لێی. ئەم پەیکەرە بە دەستی سەرانی کورد دروستکراوانە، کە ئێستا خاوەن بڕیارن و، بڕیاری چارەنوسی 5-6 ملیۆن مرۆی کورد و، ڕەنجی چەند ساڵەی کورد، بە ئاسانی و خۆڕای، خرایە ژێر دەستیان، بڕواننە "موعجیزە" خەڵکینا! میوانەکانی سەلاحەدین، قەلاچوالان، دوکان و لەندەن، کە ئێستا، دڵیان لە لامانە*! نە یەکەم چونی گروپی کوردیە بۆ دانوستاندن بۆ لایان یان بۆ بەغا و، نە دوا چونیش دەبێت.

جا هەرچۆنێکی بێت .......

- ناکرێت، بەو (چارە ڕوناکانە) بگوترێت کە لە سەردەمی (خەلیفە پیرۆزەکانەوە)، بێ هودە لە گەڵتان دانوستاندن دەکەین و گرددەبینەوە، بە هەموو ڕەنگە ئاینی و ڕامیاریەکانتانەوە، کەچی ئاکامەکانی هەر ڕەنجەڕۆ و بنبەستییە.

- ناکرێت، دانوستاندن و دانیشتن لەگەڵیاندا بە هیچ جۆرێک نەکرێت، تا ناوچە دزراو و دەستبەسەراگرتوەکانمان بۆ نەگێڕنەوە و، نەدەنەوە بە فەرمی و، بە داوای لێبوردن کردنەوەشەوە. ئەوانی کە لە لاییەک، شانازی و بانگی پیرۆزی پەیامە ئاسمانییەکەیان دەکەن، لە لایەکی ترەوە، بە ڕۆژی ڕوناک، لە پێش ئێمە و جیهاندا، خەریکی بە ڕەوا کردنی، دزینەکانی شار و شارۆچکەکانمان.

- ناکرێت، چاو لە فرانژۆ توژمانی ی کرۆاتیا بکرێت، کە چۆن پشتی کردە <u>دەسەلاتە سێنترالە شۆڤینییەکەی</u> یۆگۆسلاڤیای ئەو کاتە و، بە هەڵویست و بڕیارێکی جەربەزانە، کرۆاتیای بۆ هەتا هەتایە لە بێگانە، شۆڤینیزم و فیدێرالیزمی یۆگۆسلاڤیی پاک کردەوە و، ئێستا و، بۆ هەمیشە ئالاکەیان لە کەشی سەرفرازی ئەبسۆلوتدا دەدرەوشێتەوە.
- ناکرێت، ئەو هەشت ساڵەی کە وا چاوەڕێ دەکرێت دابنرێت بۆ مافی چاری خۆنووسین لە (دەستوردا)، کورت بکرێتەوە و بگۆڕدرێت بۆ هەر کاتێک کە گەلی کورد بە شیاو و لەباری زانی، هەڵسێت بە دانی ئەو بڕیارە پیرۆز و چارەنووسسازە.

"کوردێکی خاوەن فرۆشگا لە بەغا، دراوسێیەکی ئەرەبی، کە خوازیاری فێربونی زمانی کوردییە، فێری زمانی کوردی دەکات. پاش ماوەیەک، وەک دوو مرۆڤ، دڵیان لەیەکتر دەڕەنجێت. لە ئەنجامی ئەو دڵ ئێشانە، ڕۆژێکیان ئەرەبەکە زۆری بۆ دێت و دەچێتە سەر دراوسێ و دۆستە فرۆشیارە کوردەکەی و، نای کاتە نامەردی پێی دەڵێت.... <u>تو زور ب گوو بەندی</u>. بێ گومان، ئەم یابەیە مەبەستی یان ویستویەتی بڵێ، تۆ زۆر بە گۆبەنگی. برادەرێکی فرۆشیارەکە، کە لە فرۆشگاکە دەبێت لەو کاتەدا و، ئاگاداری نێوانیانە و هەردوکیان دەناسێ، بە ئەرەبەکە دەڵێت ئەمە چییە! ئاوا فێری کوردی بویت؟ برۆ پێی بڵێ ها ئەوە کوردییەکەت، ئەرەبییەکەم بدەرەوە"...... ئاخر ئێمە لە هەمو سەرێکەوە دور و نامۆین لە یەکتر و خاوەنی مێژوو و کولتورێکی ئێجگار جیاوازین، بۆچون و بیرکردنەوەمان جیاوازە، با بەشمشێری لائیلاهەئیلەلاکەشیان هەندێکیان لێ ئەتکردبێتین، یان هەندێکیان لێ بە ئیسلام کردبێتین یان هەندێکیان لێ بە بەعسی کردبێتین و، بە تۆبزی، زمانی ئەربییان بسەردا سەپاندبێتین و هەندێکیان فێرکردبێتین، بە درێژای ئەو پرۆسێسە چاو لە کوردستانییەیان، هەر لە ساتەکانی فتوحاتە (پیرۆزەکانیانەوە) تا خۆ لێ گێلکردنەکەی خەلیفە جافەر لەدزی کردنەکانی شار و شاروچکەکانمان،

- ناکرێت، گەلی کورد، بۆ دوواجار، بانگیان بکەن بۆ کوردستان و لە پەرلەمانێکی ڕەسەن و لە نێو پەرلەمانتەرانی بە ئەمەک، ووشیار و ڕۆشنبیردا، بە کوردی و بە کورتی، لە ڕێگەی وەرگێڕێکەوە پێ یان بڵێن یابە ها ئەوە ئێراقەکەتان کوردستانەکەمان بدەنەوە؟

---

* هەندێ کەس لە سلێمانی کە پەیمان دەدەن بەکەسێکی تر و، پەیمانەکەیان بۆ نابەنەسەر یان بۆیان نابردرێتەسەر، یان لە بیریان دەچێت، کە پەیمانەکە بە بیر کەسەکە دەهێنرێتەوە، دەڵێت کوری باش، دڵم لە لاتە. واتە، فەرامۆشم نەکردویت و لە بیرمە. دڵم لە لاتە بۆ گاڵتەوگەپیش بە کار دەهێنرێت، وەکو بڵێی " تۆ هەر چاوەڕێبە".